**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ١١٥١ لە ٢٠٢٤/٢/١٤**

پاڵپشــت بە ماددەی ( ٩) لەپەیڕەوی (ســندووقی چاودێری و شــیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویســتی تایبەت وکورتە باڵایان) لەهەرێمی کوردستان- عیراق ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ ، ئەو رێنماییەمان دەرکرد.

## رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤

## سندوقی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان

**ماددەی (١) :**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەو رێنماییە:

**یەکەم :هەرێم:** هەرێمی کوردستان- عێراق

**دووەم : وەزارەت:** وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم : وەزیر:** وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم: سندوق:** سندووقی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان.

**پێنجەم: ئەنجوومەن:** ئەنجومەنی چاودێری وشیاندنی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان.

**شــەشــەم :بەڕێوەبەرایەتی گشــتی:** بەڕێوەبەرایەتیە گشــتیەکانی چاودێری وگەشــەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان.

**حەوتەم : بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری کەمئەندامانی ســەر بە بەڕێوەبەرایەتیە گشــتیەکان وبەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری وگەشــەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە ســەربەخۆکانی (سۆران- زاخۆ- ڕاپەڕین).

**هەشـــتەم : ســـوودمەندان:** ئەو کەمئەندام وخاوەن پێداویســـتی تایبەت وکورتە باڵایانەی بەگوێرەی راپۆرتی پزیشکی پێویستیان بەخزمەتگوزاری هەیە.

**ماددەی (٢) :**

**یەکەم :** تەرخانکردنی رێژەی (**١%**) لە بودجەی وەزارەت بۆ سندوق.

**دووەم :** کردنەوەی ئەژماری بانکی تایبەت بە سندوق لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.

**ماددەی (٣) :رێژەی تەرخانکراو بۆ خەرجکردن لەبوارەکانی سندوق:**

**یەکەم :** رێژەی (**٣٠%**) تەرخان دەکرێت بۆ دابین کردنی ئامێری قەرەبووکار وئامادەســازکار وکەلوپەلی پزیشکی پێویست بۆ کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان.

**دووەم :** رێژەی (**٣٠%**) تەرخان دەکرێت بۆدابینکردنی چارەســەری پێویســت لەنەشــتەرگەری وشــیاندنی تەندروستی وپێشکەشکردنی داودەرمان بەکەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایانی کەمدەرامەت.

**ســـێیەم :** رێژەی (**٢٠%**) تەرخان دەکرێت بۆ تواناســـازی وبەرزکردنەوەی کارامەیی کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان بۆ شیاوکردنیان بۆ کارکردن لەو بوارانەی بۆیان گونجاوە.

**چوارەم :** ڕێژەی **(١٠%)** تەرخان دەکرێت بۆ ئەنجامدانی توێژنەوە ولێکۆڵینەوە و کۆربەند وئامادەکردنی چاپەمەنی وچالاکی جۆراوجۆر کەخزمەت بە کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان بکات.

**پێنجەم :** ڕێژەی **(١٠%)** تەرخان دەکرێت بۆ بەشداری لە بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکانی چاودێری کەمئەندامان وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتە باڵایان وچاکترکردنی دامەزراوە گشتیەکانی پاڵپشتیکار .

**شەشەم:** ئەنجومەنی سندوق بۆی هەیە مناقەلە بە خەرج کردنەکە بکات لە کاتی پێویست تەنها بۆ بوارەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم.

**ماددەی (٤) :**

لیژنەیەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکان لە سێ ئەندام پێك دێت کە توێژەرێك ویاساییەکی تیا بێت بۆ هەڵسەنگاندنی باری دارایی داواکار وتەواوی وراستی بەڵگەکان.

**ماددەی (٥): ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داواکاری**

**یەکەم :** پێشکەش کردنی داواکاریەك بۆ ئەنجومەن لەلایەن کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵا یان کەس وکاریان یان هەرکەسێك نوێنەرایەتی یاساییان بکات لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتیەکان کە داواکاریەکەی وبڕی تێچووی دەستنیشان بکات وئەم بەڵگانەی لەخۆ بگرێت.

١- ناسنامەی شارستانی یان کارتی نیشتمانی.

٢- بەڵگەنامەی پاڵپشت بۆ داواکەی (ناسنامەی کەمئەندامیەتی ئەگەر هەبوو + ڕاپۆرتی پزیشکی بۆ سەلماندنی پێداویستیەکەی )

**دووەم:** بەڕێوەبەرایەتیەکان لەڕێگای لیژنەی ئاماژە پێکراو لە ماددەی **(٤)** هەڵسەنگاندن بۆ باری دارایی داواکار وتەواوی وراستی بەڵگەکان دەکەن وپاشان تێبینی خۆیان هاوپێچ دەکەن وبەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لەوێشەوە بۆ ئەنجومەن ئەوەش لەماوەیەك کە لە **(١٥)** ڕۆژ تێپەڕ نەکات پاش پێشکەشکردنی داواکە.

**سێیەم :** ڕێزبەندی بۆ داواکاریەکان دادەنرێت بۆ:-

١- وەرگرتنی خزمەتگوزاری وشایستەکان بەپێی ڕیزبەندی.

٢- زانینی ژمارەی سوودمەندانی هەر بەڕێوەبەرایەتیەك وکۆی گشتی سوودمەندان.

**چوارەم :** پێویستە داواکاریەکە لەلایەن ئەنجومەن تاوتوێ بکرێت لە ماوەیە کە لە **(٣٠)** ڕۆژ زیاتر نەبێت پاش تۆمارکردنی داواکاریەکە لەلایەن ئەنجومەن.

**پێنجەم :** ئەنجومەن بڕیار لەسەر داواکاریەکە دەدات بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوە، بەرەچاوکردنی هاوسەنگی لەنێوان داواکاریەکە وناوەڕۆکی بڕیارەکە وە بەواژووکردنی سەرۆکی ئەنجومەن بڕیاری خەرجکردنەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**ماددەی (٦) :**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**